# ئەیوب بارزانی دەربارەی کوشتنی کاوە گەرمیانیی

08-01-2014

**Source: facebook.com / 3 Kontrakt & Kurdistanpost.com**

کۆنتراکت: کوشتنی کاوە گەرمیانیی بە تایبەتی و ئەم جۆرە تیرۆرە چۆن دەبینیت؟ خەڵکی ئازادیخواز چی بکات باشە؟

ئەیوب بارزانی: دەبێت ئاگاداربین کە تیرۆرکردنی گەنجە روژنامەنوسەکان، هەڕەشە یان هەر جۆرە تەنگاوکردنێکیان ، دیاردەیەکی بینراوە لە هەموو سیستەمێکی دیکتاتۆرییدا. نە هەر دژی رۆژنامەنوسان، بەڵکو دژی هەر جۆرە بیرۆکەیەک دەسەڵات پێی ناخۆش بێت.

لە تورکیا ساڵانی هەشتەکان و نەوەتەکان بە سەدەها کەسی کورد کوژراون و تاوانبارەکان دەستی دەوڵەتی قووڵی تورکیای تیا بوو. ئەو کاتە بکوژەکان بە "دەستوەشێنەری نادیار" ناو دەبران.
لە تونس بە تەواویی دەوڵەتی پۆلیسیی دامەزرابوو، دەستگاکانی دادپەروەریی، ئاسایش، یاسا، زانکۆ وهەتا رێکخراوە مەدەنییەکانیش رژێمی بن عەلی قوتی دابوون و گرێدراوی خۆی کردبوون. لە میسری حوسنی موبارەک، عێراقی سەددام حوسەین، سوریای ئەسەد، هەمان شێوە بوو. دەستەڵاتی کوردستانی باشوریش ئەمرۆ هەمان شێوە بەرێوەدەبەن، بە تایبەتیی لە دەڤەری بادینان.

کولتوری هاوڵاتیانی کوردستان لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆرێت، بە گوێرەی ئەوەی چ دەستەڵاتێک حکومرانیی دەکات لەو شوێنە. لە سولەیمانی تا رادەیەکی باش کولتوری ئازادیی فکریی هەیە کە لە بادینان بوونی نییە.
لە تونس، میسر، یەمەن، ئەم سیستەمە روخێنرا، گەلەکان لە رێگای شورشی جەماوەرییەوە بێ هەبوونی سەرکردەی کاریزما، توانیان رژێمە دیکتاتۆرییەکان بروخێنن. لە کوردستان لەبەر داگیرکردنی دەرەکیی بە پێچەوانەی گەلانی جیهانەوە، گەلی کورد هەڵنەساوە دژ بە ستەمکاریی، دژ بە حکومڕانی پۆلیسیی، دژ بە دەستەڵاتی پیسخۆری کوردیی هوندری وڵاتی خۆی.
من لەو باوەڕەدام ئێمەی کورد پاشکەوتوین لە کاروانی شۆرشگێریی جیهانیی ئەمرۆ، لە بەرهەمهێنانی دادوەریی کۆمەڵایەتیی، دیموکراسیی و دەوڵەتی یاسادا.
رۆژنامەنوسێک دەکوژرێت، خۆ پیشاندان و نارەزایی دەرژێنە سەر شەقامەکانی سلێمانی، هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنی هەموو پارتەکان چ لە دەستەڵاتدا یان لە ئۆپۆزیسیون دێنە دەنگ دژ بەو تیرۆرە، لە لای مروڤ ئەو هزرە پەیدا دەبێت کە هیچ ناپاساییەک لەم وڵاتە ناقەومێت جگە لە کوشتنی تاکە کەس، بەڵام لە راستییدا هەبوون و بەردەوامبوونی ئەم سیستەمەی دەستەڵاتی ئێستای کوردستان هەر رۆژ تاوانبارە بە کوشتنی روح و ویژدان ومورالی گەلی کورد، کە زۆر گەورەترە لە کوشتنی یەک کەس، کەچی تەحەمول کراوە بە درێژایی 23 ساڵ؟ کوشتنی تاکە کەس، رۆژنامەنوس، پیاوی سیاسی یان تێکوشەری شۆرشگێر، پارچەیەکی زۆر کەمە لە تاوانی ئەم دەستەڵاتە دژ بە هەموو نەتەوەی کوردستان.

| |
|---|
| ئەمە دیاردەیەکی بینراوە لە هەموو سیستێمێکی دیکتاتۆرییدا |
| لە سولەیمانی کولتورێکی ئازادیی فکریی هەیە کە لە بادینان بوونی نییە |
| دەستەڵات خەریکە کرینوفرۆشتن بە ئایندەی گەلی کوردەوە دەکات |
| پێویستمان بە رێکخستنی تێکۆشانی جەماوەریی شۆرشگێرانە هەیە لە سەرانسەری کوردستاندا |

کۆنتراکت: کاریگەریی پیسخۆریی چییە لە سەر ئازادیی بیرورا؟
ئەیوب بارزانی: تاوانباریی ئەم دەستەڵاتە نە بە تەنها کوشتنی سۆرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان یان کاوە گەرمیانیی یان دزیی سەروەت وسامانی گەلەکەمانە، لە مێژە ئەم دەستەڵاتە گەندەڵە خەریکە کولتوری بتپەرستیی لە ناو کۆمەڵگای خۆماندا بچەسپێنێت بە زەبری کوتەک، بە تەزویر، بە بەرتیل، بە درۆ، بە پوول و بە پروپاگەندەی بێ بناغە.

دەستەڵاتی کوردستانی باشور بۆتە دژ بە دیموکراسیی، دادپەروەریی و خەریکە کرین وفروشتن بە ئایندەی گەلی کوردەوە دەکات. بۆیە پێویستمان بە رێکخستنی تێکۆشانی جەماوەریی شۆرشگێرانە هەیە لە سەرانسەری کوردستاندا و بە تایبەتیی پەیداکردنی هوشیاریی سیاسیی نەتەوەیی لە ئاستی هەموو چین و توێژەکانی کوردستاندا و گرنگیی بدرێتە هاوپەیمانیەتیی ناو چینەکانی کۆمەڵگای کوردوستان بۆ گۆرانکاریی بنەرەتیی لەهەموو سیستەمی کوردستانی باشوردا.

"سەنتەری لێکۆڵینەوەی "کۆنتراکت